# ئەو ئازارەی کە شەهید دەیچێژێت لە ئازاری کوشتن وەکو ئازاری یەکێک لە ئێوە وایە کە مێروولە دەیگەزێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو ئازارەی کە شەهید دەیچێژێت لە ئازاری کوشتن وەکو ئازاری یەکێک لە ئێوە وایە کە مێروولە دەیگەزێت».
[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرمودەکە: مرۆڤ ئەگەر شەهید بکرێت لە پێناو خوای گەورە، ئەوا هەستی ئازاری کوشتنەکەی وەکو هەستی ئازاری پێوەدانی -گاز لێگرتنی- مێروولەیەک دەبێت، واتە شەهید تووشی ناڕەحەتیەکانی سەرەمەرگ نابێت وەکو خەڵکی تر، بەڵکو ئازاری مردنی وەکو ئازاری پێوەدانی مێروولەیەک دەبێت وبە زوویی نامێنێت، وهەستی پێناکات، وئەمەش لە فەزڵی خوای گەورەیە بۆ شەهیدەکان، چونکە ڕۆحی خۆی بەخشی لە پێناو سەرخستنی دینی خودا؛ بۆیە خوای گەورە ئازارەکانی کوشتنی لەسەر کەمکردەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3914